https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.18

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و پەیوەندی بە ئاستی خواستی ئەکادیمی لای قوتابییانی زانکۆ

پ. ی. د. پۆلا عبدالصمد محمود

Polla2017@uor.edu.krd

خالص احمد حکیم

Khals.hakim@soran.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی و دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی لای نموونەی توێژینەوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆی سۆران، نموونەی توێژینەوەکەش پێکدێت لە (٥٠٠) قوتابیی زانکۆی سۆران. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەستکەوتنی داتا و زانیارییەکانی پشتی بە میتۆدی وەسفی و چەندایەتی بەستووە و لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە داتاکانی دەستخستووە، سەبارەت بە گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی توێژەر پێوەرێکی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکردووە، سەبارەت بە گۆڕاوەی ئاستی خواستی ئەکادیمی، توێژەر پشتی بە پێوەر (الجبوري، ٢٠٠٢) بەستووە. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لە ئاستێکی مامناوەند پیشاندەدرێت و ئاستی خواستی ئەکادیمیش لە ئاستێکی بەرزدایە. سەرەڕای ئەوەش ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەش دەردەخات کە پەیوەندییەکی نەرێنی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمیدا پیشاندەدرێت. لە کۆتاییشدا توێژەر بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستۆتەڕوو.

وشە کلیلەکان: دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، ئاستی خواستی ئەکادیمی، قوتابییانی زانکۆ.

## دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و پەیوەندی بە ئاستی خواستی ئەکادیمی لای قوتابییانی زانکۆ

### پێشەکی

دڵەڕاوکێی داهاتوو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان و گۆڕانکارییەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، کە بوونەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ ببێت، وا بکات بۆ دەربازبوون لەم دۆخە بەدوای ئارامیدا بگەڕێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەوەی کە ناتوانێت ئارامی دەستەبەربکات، هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی لە ژیاندا، تواناکانی بەگەڕبخات و بەدوای هەلومەرجی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بگەڕێت، ئەمەش وادەکات کە تووشی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە مەترسی لە داهاتوو ببێت (السميري و صالح، ٢٠١٣، ص. ٦٤).

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم سەردەمە لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دروستی کردووە، کە وای کردووە مرۆڤ تووشی ناهاوسەنگیی دەروونی و فشارەکانی ژیان ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە و هەوڵدان بۆ خۆگونجاندنی هەمیشە هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو هەوڵانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی کارکردنەوە دەیگرێتەبەر، بۆیەش هەندێ جار مرۆڤ بۆ ئەوەی کە داهاتووی پیشەیی لەم سەردەمە خێرایەدا مسۆگەر بکات، ئەوا بە هەستیارییەوە مامەڵەداکات، لەم بارەیەوە المقبالي و الخواجة (٢٠٢١) ئاماژەیان بەوە داوە دڵەراوکێی داهاتووی پیشەیی یەکێکە لەو ترسانەی بەم دواییانە زۆر بە زەقی دەرکەوتووە کە ئاماژەیە بۆ ترس و دڵەراوکێیەکی زۆر دڵنیانەبوون لە گۆڕانکارییەکان کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە لە داهاتوودا، لەوانەشە دڵەڕاوکێی داهاتوو ترسێک بێت لە

شکستهێنانی تاک لە نەگەیشتن بە ئامانجەکانی (المقبالي و الخواجة، ٢٠٢١، ص. ٢٥٠). لەلایەکی ترەوە، دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ و زیاد لە هەموو خەسڵەتەکانی تری گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان، بە یەکێک لە دڵەڕاوکێیەکانی داهاتوو دادەنرێت بە تایبەت لای چینی لاوان و دەرچووانی زانکۆکان زۆر بە زەقی دەردەکەوێت، چونکە قوتابی بە هەردوو ڕەگەزەوە کاتێک بەرەو دەرچوون لە زانکۆکان دەڕۆن ڕاستەوخۆ بیر لە بەدەستهێنانی پیشەیەک یان کارێک دەکەنەوە تاوەکو خاڵە بەهێزەکانی خۆیان دەربخەن و توانا و لێهاتووییەکانیان تاقیبکەنەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن (خليل و شلبي، ٢٠٢٠، ص. ٣٢).

هەر لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە تێڕوانینی قوتابییانی زانکۆ بۆ داهاتووی پیشەیی پەیوەستە بە جۆری تێڕوانینی ئەرێنی و نەرێنی، گەشبینی و ڕەشبینی بۆ داهاتووی پیشەیی. دەکرێت بگوترێت ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی ناهەموار هەژماردەکرێت کە ڕووبەڕووی قوتابیی زانکۆ دەبێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە ئایا بیرکردنەوەی نەرێنی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بوونی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ داهاتووی پیشەیی لەلایەن قوتابیی زانکۆوە (علی، ٢٠١٦، ص. د). سەرەڕای ئەمەش دەکرێت بڵێین بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتووی پیشەیی یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی قوتابییانی زانکۆیە، بە تایبەتی کە دەستکەوتێکی مەعنەوی یان ماددیان پێ ببەخشێت، بۆیە قوناغی کۆتایی زانکۆ دەروازەیەکە بۆ گواستنەوەی قوتابی لە بەدەستهێنانی زانست و زانیارییەوە بۆ قۆناغێکی گرنگتر کە قۆناغی بەرجەستەکردنی ئەزموون و زانیاری و تاقیکردنەوەی تواناکانیانە لە بواری کاردا، کە ئەمەش سەرەنجام دەبێتە دەرفەتێک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، چونکە لە ڕێگەی ئەو پیشەیەی کە بەدوایدا دەگەڕێت، قوتابی پێداویستییە دەروونی و پیشەییەکانی خۆی دەستەبەردەکات، بەڵام

گۆڕانکارییە خێراکان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەییدا وایکردووە قوتابی بەردەوام بیر لە داهاتووی پیشەیی خۆی بکاتەوە، هەربۆیە دەکرێت تووشی زۆر حاڵات ببێتەوە لەوانەش گرژی و ترس و هەستکردن بە دڵەڕاوکێ، ئەمەش بە سرووشتی خۆی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی خواستی ئەکادیمی (خليل و شلبي، ٢٠٢٠، ص. ٣).

هەرچەندە خواستی ئەکادیمی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت خواست وەک بابەتێکی گفتوگۆئامێز شرۆڤەبکرێت، هەر وەک المصري (٢٠١١) پێیوایە کە خواست ڕۆڵێکی دیاری لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە تاکێکی بەتوانا گەشبینە بەرانبەر بە داهاتووی خۆی، توانای دانانی ئامانج و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زەحمەت و گرفتانەی هەیە کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببێتەوە، خواست ئەو هاندەرەیە کە دڵەڕاوکێ و ڕاهێنانی بیرکردنەوەکان تیژ دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەرەوپێشچوون و پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنی نەتەوەیەک بە ئاواتی ئەندامەکانیەوە بەندە، پێویستە خواست بە یەکێک لەو نەگۆڕانە دابنرێت کە تاکەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە ئەمەش بەهۆی ئەو کۆمەڵە فاکتەرە ژینگەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە (المصري، ٢٠١١، ص. ٦٨). هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاستی خواستی ئەکادیمی بە وریاییەوە لەلایەن دەروونناسانەوە گرنگیپێدراوە لەبەرئەوەی بەشدارییەکی گەورەی هەیە لە پڕۆسەی فێربووندا و بەرەنگاربوونەوەی داهاتووی تاک و ئامانجەکانی لە ڕێگەی فاکتەرە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە دەتوانرێت بە ڕێگای ڕێنماییکردن و بە تایبەتی ڕێنیشاندەری بەکۆمەڵ (يوسفى، ٢٠١٧، ص. أ).

لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنانەوە، دەکرێت ئەمە ڕوونبکرێتەوە کە هەر نەتەوەیەک لە هەوڵی ئامادەکردنی نەوەیەکە کە لەگەڵ خواستەکانی ئەو نەتەوەیە یەکانگیر بێت، ئەم پڕۆسەیەش لە ڕێگەی پەروەردە و خوێندنەوە دەبێت، کە قوتابی وەکو ئامانج و سێنتەری ئەم پڕۆسەیە دادەنرێت. بە تایبەتی ئەو قوتابییانەی کە وەکو نەوەی کارا و بەرهەمهێنراو لەناو سیستەمی وڵاتان گرنگییەکی زۆریان هەیە، کە ئەویش قوتابیی زانکۆیە، شایەنی باسە لەم بارەیەوە المحامید و السفاسفە (٢٠٠٧) ئاماژە بەوە دەکەن لە هەر کۆمەڵگایەک قوتابییانی زانکۆ یەکێکن لە پێکهاتە گرنگەکانی کۆمەڵگە، ئەوەی تێبینیکراوە ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان بایەخیان بەم توێژەی کۆمەڵگە داوە بە مەبەستی نەخشەدانان بۆ داهاتوویان و قۆستنەوەی هێز و توانایان بۆ ئامادەکردن و پەرەدان بە کۆمەڵگە، شایانی باسە پرسی قوتابییانی زانکۆ یەکێکە لەو پرسە بنچینەییانەی کە زانایانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و پەروەردە بایەخیان پێداوە و بە یەکێک لە پێکهاتە مرۆییەکانیان هەژمارکردوون، بە مەبەستی پشتپێبەستنیان بۆ گەشەپێدانێکی گشتگیر لە سەرجەم وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و پێشکەوتووەکان بۆ پەرەدان بە کۆمەڵگە و پێشخستن و پارێزگاری لێکردنی (المحامید و السفاسفە، ٢٠٠٧، ص. ١٣٠).

## کێشەی توێژینەوە

دڵەڕاوکێ یەکێکە لەو شڵەژانە دەروونییانەی کە لە ئەنجامی نادڵنیایی و ترسەوە سەرچاوە دەگرێت، بە گۆڕانکارییە خێرایەکان و ئەو دۆخانەی کە وەکو دۆخێکی نادڵنیا بۆ مرۆڤ دەردەکەون زیاتر دەبێت، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە لە سەدەی بیستەم دیاردەی دڵەڕاوکێ زیاتر بووە، بە جۆرێک دەتوانین ناویبنێین بە (سەدەی دڵەڕاوکێ)، ئەمەش لەبەرئەوەی ژیان لە سەرجەم بوارەکانیەوە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە

بینیوە بە تایبەتیش لە بواری زانستی و تەکنۆلۆژیا، کە ئەمەش بەرپرسیاریەتییێکی قورسی خستۆتە سەر شانی مرۆڤ، پێویست دەکات بەرگەی بگرێت و لەگەڵ هەموو ئەم گورانکارییە خێرایانە بڕوات، زۆر جار ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە هەست بە لاوازی و بێتوانایی بکات لە بەردەوام بوون و ڕۆیشتنی لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خێرا و بەردەوامە، سەرباری ئەمەش هەست بە دڵەڕاوکێیش دەکات، کە ئەم دڵەڕاوکێیەش لە ئەنجامی ئەم فشارانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە تووشی دەبێ، بە جۆرێکی لێکردووە ئەم مرۆڤە هەست بە نائومێدیی خۆی بکات لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆی، سەرباری زێدەبوونی پێداویستییەکانی ژیان و کەمیی دەرفەتی کار و پیشە (العكايشي، ٢٠٠١، ص. ٢٧).

سەرەڕای ئەمەش، دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بەشێکە لە دڵەڕاوکێی گشتی و بەوە دەناسرێتەوە کە بارودۆخێکە لە بارودۆخە ترسئاساکانی ژیان و داهاتوو، کە لە دەرەنجامی هەستکردن بە نەبوونی دڵنیایی تەواوەتی و هەبوونی دوودڵی بۆ داهاتووی پیشە لەلای مرۆڤ سەرهەڵدادات. کە ئەوانیش لە دەرەنجامی ئاستەنگەکانی ژیان و ئەو گۆڕانکارییە خێراییانە و زۆربوونی پێداویستییەکانی ژیان کە پەیوەستە بە کارەوە لەلای تاک سەرهەڵدەدات (المقبالي و الخواجة، ٢٠٢١، ص. ٢٥١). لەم بارەیەوە الجبوري و الشافعي (٢٠١٠) ئاماژە بەوە دەدەن؛ کێشەی دڵەڕاوکێ یەکێکە لەو کێشە دەروونییانەی کە دووچاری قوتابییان بە گشتی و قوتابییانی زانکۆ بە تایبەتی دەبێتەوە، چونکە قوتابییانی زانکۆ ڕووبەڕووی چەندین فشار دەبنەوە کە دەبنە هۆی حاڵەتی دڵەڕاوکێ، کە ڕەنگە لە ئەنجامی ترسیان لە داهاتوویەکی نادیار کاریگەرییان لەسەر دروستبکات، هەروەها زیادبوونی دڵەڕاوکێی قوتابییانی زانکۆ تەنها لەبەر ترسی شکستهێنان لە بواری خوێندندا نییە، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت بۆ ترسی بەدەستهێنانی پیشەیەک دوای تەواوکردنی خوێندن، کە پێی دەوترێت دڵەڕاوکێی

داهاتووی پیشەیی، وەک بێتوانایی بەدەستهێنانی پیشەیەک زۆربەی قوتابییان هەستی پێدەکەن بە تایبەت قوتابییانی قۆناغی چوارەم، دڵەڕاوکێ لەو دۆخە بێکارییەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەریان دەبێت (الجبوري و الشافعي، ٢٠١٠، ص. ٢). هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە داهاتووی پیشەیی قوتابییانەوە هەیە لە بڕیاردان و کێشە و ناڕەحەتییەکان وایان لێدەکات تووشی دڵەڕاوکێی داهاتوو بن، هەروەکو مخیمر (٢٠١٣) دووپاتی کردۆتەوە کە قوتابییانی زانکۆ دووچاری دڵەڕاوکێ دەبنەوە بەرانبەر بە داهاتوویان بە تایبەتی داهاتووی پیشەییان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی جێدەهێڵێت لەسەریان وەکو نائومێدی و ڕەشبینی و دەرکەوتنی نیشانەکانی گومان و خەمۆکی و دوودڵی و متمانەبەخۆنەبوون، لەوانەشە ئەم حاڵەتانە قوتابی دووچاری کێشەی دەروونی بکاتەوە وەکو گۆشەگیری و ڕازینەبوون بە ژیان و هەستنەکردن بە ئارامی و ترسان لە داهاتوو و ترسان لەو گۆڕانکاریانەی لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن (مخیمر، ٢٠١٣، ص. ٥٠٤).

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بگوترێت کە نەبوونی دڵنیاییەکی تەواوەتی بۆ داهاتووی پیشەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم نادڵنیاییە ببێتە ئەگەری سەرهەڵدانی چەند گرفتێکی دەروونی، چونکە تەندروستیی دەروونیی تاک کە هەر وەکو چۆن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئاماژە بەوە دەدات کە بریتییە لە توانای تاک بۆ گەشەپێدان بە تواناکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت کە بە شێوەیەکی داهێنەر و بەرهەمهێنەرانە کار بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بتوانێت پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکە دروستبکات و بتوانێت بەشدارییەکی کاراشی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا (عومەر، ٢٠١٩، لا. ١٠). هەبوونی ئامانج لە ژیاندا یەکێکە لەو ویستانەی کە مرۆڤ بەردەوام بۆ ئەوەی ئایندەکەی پێ وێنابکات دەیگرێتەبەر، ئەویش بەو هیوایەی کە بتوانێت خواستەکانی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانە مسۆگەر بکات کە بۆیان تێدەکۆشێت، بەڵام هەبوونی خواست بۆ داهاتوو بە شێوەیەکی

گشتی ڕێژەییە و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە بەشێک لە تاکەکان ئەو ئامانجانەی کە ئاستی خواستی بەدیهێنانیەتی هەوڵێکی ورد و بەهێزی بۆ ددەدات، بەڵام لە بەرانبەردا هەندێک لە تاکەکانی دیکە کەمتەرخەم دەبن لە ئامانجەکانیان، یانیش زۆر جار ئەو ئاستی خواستەیە کە تاک هەیەتی زۆرجار لە تواناکانی ئەو بەدەرن یانیش بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و دەروونی دەبێتە هۆی دروستبوونی بەربەست لە بەدەستهێنانی (شبیر، ٢٠٠٥، ص. ١٤). لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنانەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بەهۆی نزیکیی توێژەر لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەی خوێندن لەگەڵ قوتابییەکانی دیکەدا، بووبێتە دەرفەتێک کە هەست بە بوونی کێشەیەک بکرێت، سەرەڕای ئەمەش دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو کە بوونی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ، وا دەکات کە مرۆڤ هەمیشە لە بەرانبەر داهاتووی خۆی هەست بە نادڵنیایی و ترسێک بکات، چونکە نەبوونی ڕوانگە و دڵنیاییەکی ئەرێنی لە بارەی داهاتووی پیشە مرۆڤ بخاتە دۆخێک کە نەتوانێت وێنایەکی ئەرێنی بۆ دەستکەوتنی کار لە داهاتوودا دروستبکات. سەرەڕای ئەمانەش نەبوونی دڵنیایی لە بارەی داهاتووی پیشەیی وەک چۆن دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ لەلای تاک، هەروا دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی ڕوانگەیەکی نەرێنیش لەسەر ڕەفتار و هەوڵەکانی تاک بۆ داهاتووی، یەکێک لەو هەوڵدانانەش خواستە، بە تایبەتیش کاتێک ئەم جۆرە بیرکردنەوە نەرێنییە لەبارەی داهاتوو لەلای قوتابی دروستدەبێت، دەکرێت هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ کاریگەریی خستنەسەر ئاستی خواستی ئەکادیمی، چونکە قوتابی دوای چەندین ساڵ لە خوێندن دەکرێت چاوەڕوانی ئەوەی هەبێت کە بە گوێرەی خواستی ئەکادیمیی خۆی کارێک لە داهاتوودا دەستەبەربکات. بۆیە ئەوەی لێرەشدا وەکو پرسیار لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی دەستکەوتنی وەڵامێکی ئەکادیمی بۆ دەدرێت ئەوەیە

که ئایا قوتابییانی زانکۆ تا چ ئاستێک هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکەن و ئەو جۆرە دڵەڕاوکێیە تا چەند کاریگەریی لەسەر خواستی ئەکادیمی دروستکردووە؟

## گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە شێوەیەکی سروشتی گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی توێژینەوە هەستکردنی توێژەرە بە بۆشاییەک کە دەکرێت لە هەر کات و ساتێک یان لەهەر بوارێکدا کە توێژەر خواستی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەبارەیەوە هەیە دروستببێت (کاکەمد، ٢٠٢٠، لا. ٥). لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە زیاتر ڕووەو قوتابییانی زانکۆیە لە دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڵەڕاوکێ بە شێوەیەکی گشتی و دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە شێوەیەکی تایبەت، و هاندانی قوتابییان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خواستە ئەکادیمییەکانیان بە شێوەیەکی تەندروست.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە هەموو هەوڵدان و توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی سروشتی گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت، چونکە هەوڵدان بۆ توێژینەوەی زانستی لە میانەی ئەو درکپێکردنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش هەستکردنە بە بوونی بۆشاییێک لەو بوارەی کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات، بۆ ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی ئەو میتۆدە زانستییانەی دەیگرێتە بەر هەوڵی دەستنیشانکردنی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو خاڵی سەرەکی بخرێنەڕوو؛

١- گرنگیی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە: لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک پێناسە، بۆچوون، تیۆر، هۆکار، تایبەتمەندی، گرنگیی کارکردن،

کاریگەریی نەرێنی، ڕێگاکان، توێژینەوە خراونەتەڕوو، هەروەها گرنگیی تایبەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی لەو بابەتە ئەنجامنەدراوە، هەروەها هەڵێکیشە بۆ ناسینی چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی. هەر لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە خۆی دەبینێتەوە؛ توێژەر دەیەوێت ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی لای قوتابییانی زانکۆ بخاتەڕوو، هەروەها یەکێکی تر لە گرنگییەکانی، دەبێتە ڕێخۆشەکەر بۆ ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی تر لەم بوارە، سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستیش بۆ کێتبخانەکان و بە تایبەتیش کتێبخانە کوردییەکان.

٢- گرنگیی توێژینەوەکە لە ڕووی کردارییەوە: گرنگیی توێژینەوەکەی ئێستا لە ڕێگەی ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت بە پشتبەستن بە داتای دەستکەوتوو لە ڕێگەی پرسیارنامەی بەکارهاتوو، دەکرێت توێژەر بە ئەنجامێک بگات و بتوانێت لە ڕێگەی ئەنجامەکانەوە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی لای قوتابییانی زانکۆ دیاریبکات، بۆیە دەکرێت سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش توێژینەوەیە وەربگیرێت بۆ پێشنیازکردنی چەند بەرنامەیەکی ڕێنمایی دەروونی بۆ بایەخدان و داڕشتنی پرۆگرامی ڕاهێنان و پەروەردەیی و پیشەیی بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لای قوتابییانی زانکۆ.

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لای نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی.

٢- زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی لای نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی.

٣- زانینی پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی لای نموونەی توێژینەوەکە بە گشتی.

سنووری توێژینەوە

سنووری ئەم توێژینەوەیە قوتابییانی زانکۆی سۆران بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لەخۆدەگرێت.

**پێناسەی چەمکەکان**

**یەکەم: دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی**

پێناسەی المحامید والسفاسفە (٢٠٠٧) دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بریتییە لە بارێکی نائاسوودەیی و شڵەژان و هەستکردن بە ناڕەحەتی و ترس لە داهاتوویێکی نادیاری پەیوەست بە لایەنی پیشەییەوە، هەروەها توانای بەدەستهێنانی هەلی کاری گونجاو بۆ قوتابی دوای دەرچوونی لە زانکۆ (المحامید والسفاسفە، ٢٠٠٧، ص. ٣٦١).

پێناسەی سالمي (٢٠١٨) دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بریتییە لە دۆخێکی هەڵچوونی بێزارکەر کە ڕووبەڕووی قوتابییان دەبێتەوە، کاتێک هەست بە دڵتەنگی و گرژی و نائارامی و ترس دەکات لە دەرئەنجامی پێشبینیکردنی مەترسی و هەڕەشە بۆ خوێندن و پسپۆڕییەکەی و داهاتووی پیشەیی و سەقامگیریی خێزانی و کۆمەڵایەتی (سالمي، ٢٠١٨، ص. ٣٦١).

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

توێژەر بە پشتبەستن بە بیردۆزی مەعریفی (ئارون بێک) پێناسەی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکات بەوەی کە بریتییە لە دۆخێکی ترس و دڵەڕاوکێ کە تووشی قوتابییان دەبێتەوە لەوەی دوای دەرچوونی نەتوانێت پیشەیەک بدۆزێتەوە، بەمەش تووشی نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت بەهۆی کەمیی هەلی کارەوە.

**پێناسەی ڕێکاری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی**

بریتییە لە کۆی نمرەی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دێنن لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

**دووەم: ئاستی خواستی ئەکادیمی**

پێناسەی (Guerrero et all, 2016) ئاستی خواستی ئەکادیمی ویستێکە تاک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات کە بگاتە ئاستی بەرزی خوێندن و فیربوون (Guerrero et all, 2016, p. 6).

پێناسەی محمود (٢٠١٧) ئاستی خواستی ئەکادیمی ئامانجێکە تاک هەوڵی بۆ دەدات لە بواری ئەکادیمی و خوازیارە بۆی بێتەدی ئەویش بە زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەگەڵ برەودان بەم بوارە بە جۆرێک ئامانجەکەی بگونجێت لەگەڵ پێکهاتەی دەروونی و چوارچێوەی مەرجەعی تاک و ئەزموونەکانی سەرکەوتن و شکست کە تاک پێیدا تێپەڕیوە (محمود، ٢٠١٧، ص. ٦١٠).

## پێناسەی تیۆری بۆ ئاستی خواستی ئەکادیمی

بە پشتبەستن بە پێناسەی الجبوري (٢٠٠٢) توێژەر پێناسەی ئاستی خواستی ئەکادیمی دەکات بەوەی کە بریتییە لەو ئاستە زانستییەی کە تاک پێشبینی بەدەستهێنانی دەکات لە بواری خوێندندا و هەوڵی بۆ دەدات (الجبوري، ٢٠٠٢، ص. ١٥).

## پێناسەی ڕێکاری بۆ ئاستی خواستی ئەکادیمی

بریتییە لە کۆی نمرەی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیدێنن لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

## چوارچێوەی تیۆری

یەکەم: چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتوو

چەمکی دڵەڕاوکێ جیاوازە لە چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتوو، بەو پێیەی دڵەڕاوکێ هەستێکی گشتی ترس و هەڕەشەیە، لە کاتێکدا دڵەڕاوکێی داهاتوو حاڵەتێکی سەرقاڵبوون و ناڕەحەتی و ترسە سەبارەت بە نوێنەرایەتیکردنی مەعریفی داهاتووی دوورتر و پێشبینیکردنی ڕووداوە خراپەکان، زالیسکی (١٩٩٦) جەخت لەوە دەکاتەوە کە دڵەڕاوکێ زۆر جۆری هەیە و دڵەڕاوکێی داهاتوو یەکێکە لەوانە (قادیر، ٢٠١٩، ص. ٣٦). سەرەڕای ئەمەش دڵەڕاوکێی داهاتوو بریتییە لە حاڵەتێکی نادڵنیایی، ترس، نیگەرانی و دوودڵی لە گۆڕانکارییە نەخوازراوەکان کە لە داهاتوویەکی دووردا دەکرێت ڕووبدات و لەگەڵ خواستی تاکدا ناگونجێت، هەروەها ئەو هەستە ترسێنەرەیە کە تاک وای دەبینێت ببێتە هەڕەشەیەک (ترس) لە داهاتوویدا (Zaleski, 1996, p. 165). لەم بارەیەوە إسماعیل (٢٠٠٣) پێیوایە دڵەڕاوکێی داهاتوو ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی لە گرژی و نادڵنیایی و

ترس لەو گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن لە داهاتوودا، لەوانەیە ببێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر داهاتووی تاک (إسماعیل، ٢٠٠٣، ص. ٦١). هەروەها Kenioua & Boumesjed (2018) ئاماژە بەوە دەکەن دڵەڕاوکێی داهاتوو یەکێکە لە شڵەژانە دەروونییەکان و لە ئەنجامی ئەو دۆخە نادڵنیایی و ترسانەوە سەرچاوەدەگرێت کە تاک وێنای ئەوە دەکات لە داهاتوودا ڕووبدەن، بۆیە زۆرجار ئەم ترسەی تاک لەبارەی داهاتوو هەیەتی وا دەکات ڕوانگەیەکی نەرێنی بۆ دروستببێت و ببێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ (Kenioua & Boumesjed, 2018, p. 329).

## دووەم: چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

زۆربوونی ژمارەی دەرچووان و کەمبوونەوەی هەلی کارکردن لەوانەیە ترس و دڵەڕاوکێ لای قوتابییانی زانکۆ لەبارەی داهاتووی کارکردنیەوە دروستبکات تاوەکو بتوانێ لەو ڕێگایەوە پێداویستییە مادییەکانی دەستەبەربکات، بەمەش دەوترێت دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی. دەکرێت بەهۆی پێویستی و گرنگیی کارەوە ئەم جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیە لە ڕۆژگاری ئێستامان شتێکی چاوەڕوانکراو بێت، یەکەم شت کە قوتابی بیری لێ دەکاتەوە داهاتوویەتی یاخود ئەو پیشەیەی کە لە داهاتوودا پێوەی سەرقاڵ دەبێ دوای دەرچوونی لە زانکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا پیشە جگە لەوەی سەرچاوەی بژێویی ژیانی تاکە، یەکێکە لە لایەنەکانی کارلێکی نێوان تاک و کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان، هەربۆیە بەشێک لە توێژەران بەشداری لە ناساندنی ئەم چەمکەدا دەکەن، لەم بارەیەوە السواط (٢٠١٠) پێیوایە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بریتییە لە هەستکردن بە نائارامی، و بیرکردنەوەی نەرێنی بۆ داهاتوو، تێڕوانینێکی نەرێنی بۆ ژیان، و نەتوانینی ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکان، زۆرجار بەهۆی بیرکردنەوە لە پیشەیەکی داهاتوو؛ تاک هەست بە بارێکی گرژی و ڕەشبینی دەکات

بەهۆی کەمیی هەلی کار دوای تەواوکردنی خوێندن (السواط، ٢٠١٠، ص. ٤٤٢)، هەر لەم بارەیەوە مخیمر (٢٠١٣) پێیوایە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە دۆخێکی گرژی و نادڵنیایی و ترس و ناڕەحەتی دەزانێت کە تووشی قوتابییانی زانکۆ دەبێتەوە کاتێک بیر لە داهاتووی پیشەیی خۆی دەکاتەوە، لە ئەنجامی چاوەڕوانی و گشتاندنەکانەوە کە دەرفەتە پیشەییەکان لە داهاتوودا لە کەمبوونەوەدان، لە بەدەستهێنانی پیشەیەک بە پێگەیەکی بەناوبانگ و گەڕانەوەی ئابووریی باش، کە ڕەنگە بەدەستهێنانی قورس بێت، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی کارێکی باش و مووچەیەکی بەرز لەوانەیە زۆر ئاسان نەبێت هەرچەندیش هەوڵی بۆ بدات (مخمیر، ٢٠١٣، ص. ٥٠٢)، هەروەها سارة (٢٠١٣؛ ٢٠١٦) وا دەبینێت دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی حاڵەتێکی نائارامی و گرژییە کە تووشی تاک دەبێت لە بارەی داهاتووی پیشەیی خۆی بە تایبەتی قوتابی کە وای لێ دەکات بیربکاتەوە لەوەی کە ئایا پیشەیەکی دەستدەکەوێت لە داهاتوودا و دوای تەواوکردنی زانکۆ کارێک بەدەستدەهێنێت (سارة، ٢٠١٣، ص. ١٤؛ سارة، ٢٠١٦، ص. ٣٧٢)، هەر لەم چواچێوەیەدا مشري وآخرون (٢٠١٨) پێیانوایە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بارێکی ناخۆش و دڵخۆشکەر نییە لای قوتابی، کاتێک هەست بە گرژی و ناڕەحەتی و نادڵنیایی دەکات، و ترس لە ئەنجامی پێشبینیکردنی مەترسییەک کە مەترسی لەسەر داهاتووی پیشەیی ئەو دروستبکات، بە دەرئەنجام تووشی دڵەڕاوکێ و ترس و نائارامی دەبێتەوە بەوەی داهاتووی کارەکەی یان پیشەکەی لە مەترسیدایە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە، دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە "دۆخێکی ناخۆشی سۆزداری بزانین لای تاک یان قوتابیی زانکۆ بە شێوەیەکی تایبەتی ڕوودەدات، بۆیە هەست بە گرژی و ناڕەحەتی و ترسی بەردەوام و نائارامی دەکات سەبارەت بە ژیانی پیشەیی کە چاوەڕێی دەکات لە داهاتوودا، هەروەها بیرکردنەوەی نەرێنی و ڕەشبینە و تێڕوانینی بۆ داهاتووی پیشەیی خۆی تاریکدەبێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەروونی و جەستەیی دەبێت. بۆیە بێئومێدانە دەڕوانێتە

داهاتووی پیشەیی خۆی، ئەمەش کار لە باری دەروونی دەکات (مشري و آخرون، ٢٠١٨، ص. ٢٧٦-٢٧٧).

لەو چەمکانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بریتییە لە حاڵەتێکی ترس و نائارامی، تووشی تاک دەبێتەوە کاتێک بیر لە داهاتووی پیشەیی خۆی دەکاتەوە بە تایبەتی قوتابییانی زانکۆ، دوای دەرچوونی نەتوانێت پیشەیەک بدۆزێتەوە کە لەگەڵ پسپۆڕییەکەی بگونجێت، بەمەش تووشی نائومێدی و ڕەشبینی و بیرکردنەوەی نەرێنی دەبێت بەهۆی کەمیی هەلی کارەوە بەرانبەر بە داهاتووی پیشەیی.

### سێیەم: تیۆرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوو

### ١- تیۆری دەروونشیکاری

### سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud (1856-1939)

فرۆید (Freud) لەسەر بنەمای بونیادی کەسایەتیی مرۆڤ هەوڵدەدات کە دڵەڕاوکێی داهاتوو بۆ ئەو دۆخانە بگەڕێنێتەوە، کە مرۆڤ لە قۆناغەکانی تەمەنی بە تایبەت قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەن بەدەستیهێناوە، بە جۆرێک ڕاڤەی ئەم شڵەژانە دەکات کە پەیوەستە بەو دۆخە دژوارانەی کە وەکو ڕێگری لەبەردەم خواستەکان دەبینرێن، بە تایبەتیش ئەو خواستانەی کە پەیوەستن بە دابینکردنی چێژ لەلای مرۆڤ، بۆیە فرۆید (Freud) پێیوایە کە هەبوونی ڕووداوێکی هەڕەشە ئامێز بۆ خواستێکی دیاریکراو، دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنایەکی نەستی لەلای تاک، ئەو وێنانەیە کاتێک ئەگەری دووبارەبوونەوەی لێبکرێت، ئەوا تاک دەکەوێتە دۆخی دڵەڕاوکێی داهاتوو (دۆنسێل، ٢٠٠٥، لا. ٤٢-٤٥).

سەرەڕای ئەمانەش، فرۆید (Freud) پێیوایە کە بونیادی کەسێتیی مرۆڤ لەسەر بنەمای سێ پێکهاتەی سەرەکی کاردەکات، کە ئەوانیش (ئەو، من، منی باڵا)یە. بە جۆرێک کە (ئەو) بریتییە لەو بەشەی پێکهاتەی مرۆڤ کە لەسەر بنەمای چێژ کاردەکات و منی باڵاش ئەو پێکهاتەیە کە لەسەر بنەمای ئایدیالی و خواستی کۆمەڵایەتی کاردەکات و (من) یش ئەو بەشەیە کە ڕۆڵی نێوەندگیری لەنێوان خواستەکانی (ئەو و منی باڵا)دا دەگێڕێت، بۆیە کاتێک خواستەکانی (ئەو و منی باڵا) بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی پێشوو دەکرێت ببێتە هۆی تێرنەبوونی، بە شێوەیەکی سروشتی من دەکەوێتە دۆخێکی دڵەڕاوکێی داهاتووەوە، وا دەکات کە مرۆڤ هەست بە ترسێک و نادڵنیاییەک لە داهاتووی بکات (بەرواری، ٢٠١٩، لا. ٤١).

### ٢- تیۆری مەعریفی

### بیردۆزی ئارۆن بێک Aaron Beck (1921-2021)

بێک (Beck) لە تیۆرەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی گشتی پشت بەو هەڵە تێگەیشتن و ئەو وێنە نەرێنییانە دەبەستێت کە تاک لە بەرانبەر خودی خۆیدا هەستی پێدەکات. بێک (Beck) ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی مرۆڤ ئەزموونی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە خودییانەی کە تاک بە شێوەیەکی هەڵە و نەرێنی لەسەرخۆیدا وێنایدەکات و ئەو جۆرە وێناکردنەی خودی بە (هزری ئۆتۆماتیکی یان هزری لەناکاو) ناوبرد (مۆرگان، ٢٠٢١، لا. ١٥٠).

بێک (Beck) ئاماژە بەوە دەکات کە هزرە هەڵە و نەرێنییەکان کاریگەریی لەسەر هەست و ڕەفتاری مرۆڤ دروستدەکەن، پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوان هزرەکانی مرۆڤ و هەستەکانیدا هەیە، بە جۆرێک ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای ئەو دۆخە دژوارانە دروستدەبێت کە مرۆڤ لە

ژیانی ڕۆژانەیدا تووشیان دەبێت، بۆیە کاتێک مرۆڤ بەهۆی ئەو کارلێکە ژینگەییانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دوچاری دەبێت، ببێتە هۆی دروستبوونی وێنایەکی هەڵە و نەرێنی لەبارەی خود لەلای تاک، ئەوا سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو تاکە هەست بە نادڵنیایی لەبارەی داهاتووەکەشی بکات و ببێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێی داهاتوو (بەرواری، ٢٠١٩، لا. ٢٠١٨-٢٠٩).

## چوارەم: چەمکی ئاستی خواستی ئەکادیمی

وشەی خواست (Aspiration) لە نێوان خەڵکدا زۆر باوە و ناسراویشە لەلایەن توێژەران و لێکۆڵەران، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی دەستیانداوەتە گەشە و پێشکەوتن، پێشتر ئەم چەمکە بە شێوەیەکی ناڕوون باوبووە، تا ئەو کاتەی لیڤین (Levin) و قوتابییەکانی هاتن و توێژنەوەیان لەسەری کرد تا لە کۆتاییدا گەیشتن بە چەمکی ئاستی خواست (Level of Aspiration) و زۆرێک لە ڕەهەندەکانیان دیاریکرد، دواتریش توێژینەوەکەی دیمبو Dembo (1931) کە باسی شکست و سەرکەوتنی دەکرد کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی خواست هەیە، دواتر ئاستی خواست وەکو چەمک دیاریکرا. ئاراستەی زانایان کە توێژینەوەیان لەسەر ئاستی خواست کردووە لەسەر ئەو پێناسەیە وەستاوە کە بنەمایەکی زانستییانەی هەیە و لە ڕووی ئەدای کرداری و وەسفی ڕەفتار و تێڕوانینەکانی دەردەکەوێت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی کە پڕە لە کێشە و گرفت (عبدالفتاح، ١٩٩٠، ص. ٧). هەربۆیە لێرەدا کۆمەڵێک ئاراستەی جیاواز دەخەینەڕوو لەبارەی چەمکی ئاستی خواست لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەی کە هەیە، لەم بارەیەوە Hoppe (1930) بە یەکەم چەمکی ئاستی خواست دادەنرێت لە بواری لێکۆڵینەوەکەیدا، کە سەرکەوتن و شکست پەیوەندی بە ئاستی خواستەوە هەیە، کە ئامانجی کەسەکە یان ئامانجەکانی دادەنێت

یان چاوەڕێی ئەوە دەکات لە ئەرکێکی دیاریکراودا بێتەدی (عبدالفتاح، ١٩٨٤، ص. ١٠)، هەروەها Frank (1935) پێیوایە ئاستی خواستی وەک کۆمەڵێک ئامانجی تێکەڵ یان پێکەوە بەستراو بۆ تاکێکی دیاریکراو پێناسە دەکات و بەدەستهێنانی خواستیش پەیوەستە بەوەی کە تاکەکان باوەڕیان بە خۆیان هەیە، یان ئاستی نواندنی تاک چاوەڕوانی بەدەستهێنانی دەکات لە ئەرکە ئاشناکاندا (Almomani & Theeb, 2016, p. 685).

### پێنجەم: ئاستی خواستی ئەکادیمی (Academic Aspiration Level)

چەمکی خواستی ئەکادیمی بەو مانایە دێت کە تاک خوازیاری گەیشتنێتی پێی، بە دانانی ئامانجەکانی پەیوەست بە ئێستا و داهاتوو، کارکردن بۆ بەدەستهێنانیان لەبەر ڕۆشنایی توانای خۆی و ئەزموونەکانی و زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و هەوڵدان بۆ جیاوازبوون و بەرچاوڕوونی لە ژیان و کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی (النتشة، ٢٠٢١، ص. ٢٦). لەم بارەیەوە زهران و زهران (٢٠٠٦) پێیانوایە ئەو ئاستەی خواستی ئەکادیمییە کە تاک خوازیاری گەیشتنی هەیە پێی یان چاوەڕوانی دەکات، لەبەر ڕۆشنایی توانای خۆی بۆ بەدەستهێنانی یان پێشبینیکردنی خۆی بۆ ئاستی ئەکادیمی لەبەر ڕۆشنایی توانای بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، خێزان، ماددی، داهاتوویی، ئەکادیمی، قوتابخانە و خوێندن (زهران و زهران، ٢٠٠٦، ص. ٧٦)، هەروەها میرە (٢٠١٢) پێیوایە ئاستی خواستی ئەکادیمی ئەو ئاست و ئامانجەیە کە تاک هەوڵی بۆ دەدات تا بەدەستیبهێنێت لە بواری ئەکادیمیدا (میرە، ٢٠١٢، ص. ٣٤٣)، هەر لەگەڵ ئەوەشدا Abiola (٢٠١٤) پێناسەی خواستی ئەکادیمی دەکات وەک خواستی سەرکەوتن، هەروەها توانای دانان و پەرەپێدانی ئامانجە پەروەردەییەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن ( Abiola, 20014, p.

225)، هەروەها میسة و میسة (٢٠١٤) پێیانوایە ئاستی خواستی ئەکادیمی ئامانجێکی ئەرێنییە کە تاک پێشبینی گەیشتن پێی دەکات لە ماوەیەکی کورتدا، ئەم ئامانجانەش بەپێی توانا و خولیا و لێهاتووییەکانی تاکەکان جیاوازە (میسة و میسة، ٢٠١٤، ص. ٢٨)، هەر لەم بارەیەوە Ampofo & Owusu (2015) ئاماژەیان بەوەداوە کە ئاستی خواستی ئەکادیمی هەوڵدانی بەردەوامی تاکە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە بواری خوێندن و دەستکەوتی باشی ئەکادیمی، کە بەدەستبهێنێت ( Ampofo & Owusu, 2015, p. 21).

### شەشەم: تیۆرەکانی ئاستی خواستی ئەکادیمی

### ١- تیۆری ئەدلەر Adler Theory (1870-1937)

ئادلەر (Adler) بە یەکێک لە شیکەرەوە نوێیەکان دادەنرێت، هەروەها قوتابیی فرۆید (Freud) بووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی لە بۆچوون و ناتەبایی لەگەڵ زۆرێک لە بیرۆکەکانی لێی جیابۆتەوە. یەکێک لەو بیرۆکانەی ئادلەر باوەڕی پێبووە، ئەوەیە کە تاک بۆ گەیشتن بە بەرزی و شکۆمەندی تێدەکۆشێت، بۆ ئەوەی قەرەبووی هەستی کەمیی بکاتەوە. ئەم بیرۆکەیە لە تێکۆشان یان گەڕان بەدوای هەستی ئاسایشدا بوو بە یەکێک لە بیردۆزییە نوێیەکانی کەسایەتی، کە ئادلەر (Adler) جەختی لەسەر گرنگیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیی ئێستای کردۆتەوە لە بری گرنگیی ڕابردووی لای فرۆید (Freud). ئادلەر (Adler) پێیوایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، توانای پلاندانان و ئاراستەکردنی کارەکەی هەیە، چونکە ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی پاڵی پێوەدەنێت ئامانجی ژیانی و هاندەرە کۆمەڵایەتییەکانیەتی، چونکە هەست بە هۆکاری ڕەفتارەکانی و ئەو ئامانجانە دەکات کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات (القطناني،٢٠١١، ص. ٤٧؛ أبو عمرة، ٢٠١٢، ص. ٥١).

## ٢- تیۆری بوار لای کیرت لیفین Kurt Levin (1890-1947)

تێڕامانی لیڤین (Levin) بۆ کەسایەتی، تێڕوانینێکە لەسەر شێوەی ماتماتیکی و لە چوارچێوەی قوتابخانەی گشتاڵتییەوە تەماشای کەسایەتیی مرۆڤ دەکات، بۆیە پێیوایە کە دەبێت تەماشای کەسایەتیی مرۆڤ وەکو گشتێک بکرێت نەک بە شێوەی پارچەپارچەیی کە گوزارشت لە جودابوونەوەی دەروون و جەستە بکات (علی و إبراهیم، ٢٠١٩، لا. ٤٤).

لیڤین (Levin) لەو باوەڕەدایە کە بوونی پەیوەندیی تاک لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات، دەبێتە هۆی دروستبوونی چەند ویستێک بۆ هەوڵدان و تێرکردنی، بەڵام ئەم ویست و هەوڵدانانەی کە تاک دەیەوێت بەدەستیبهێنێت، دیسانەوە دەوەستێتە سەر ئەو بوارانەی کە بۆی فەراهەمدەکرێن، چونکە بوونی ئەو مەودایەی کە دەکەوێتە نێوان تاکایەتیی خود و ئەو ژینگەیەی کە تاک تێیدا کارلێک دەکات کە لیڤین (Levin) بە بۆشایی دەروونی ناوی دەبات، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت لە دروستکردنی پاڵنەر لەلای تاک و ویستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لەلا دەورووژێنێت، لەم چوارچێوەیەشدا تاک ئارەزوو و خواستی لەلا دروستدەبێت و هەوڵی تێرکردنی دەدات (شاملۆ، ٢٠١٠، لا. ٢٠٦-٢٠٨).

### توێژینەوەی مەیدانی و لایەنە کردارییەکان

### میتۆدی توێژینەوە Research Methodology

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی وەسفی چەندایەتی (Quantitative Method) بەکارهێناوە، چونکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرسیارنامە داتا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە، بەم شێوەیە لە ڕێگەی ئەم ڕێبازە توێژەر دەتوانێت شیکردنەوە بۆ داتا ژمارەییەکان بکات (Apuke, 2017, p. 41).

## کۆمەڵگەی توێژینەوە Research Population

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی لێ هەڵدەبژێرێ و توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدات (النوح، ٢٠١٨، لا٤٥). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی (زانکۆی سۆران) بۆ خوێندنی بەیانیان ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، کە ژمارەیان بریتییە لە (5419) قوتابیی نێر و مێ، بەسەر (5) فاکەڵتیی زانستی و زانستە مرۆییەکاندا دابەشکراون، کە پێکدێت لە (2487) قوتابیی نێر و (2932) قوتابیی مێ. لە خشتەی (١) خراوەتەڕوو.

خشتەی (١) دابەشبوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی فاکەڵتی و بەش و ڕەگەز

| ژ | فاکەڵتیی | بەش | ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| 1 | ئەندازیاری | شارستانی | 87 | 47 | 134 |
| 2 | ئەندازیاری | نەوت | 113 | 22 | 135 |
| 3 | ئەندازیاری | کیمیا | 93 | 59 | 152 |
| 4 | ئاداب | زمانی کوردی | 95 | 150 | 245 |
| 5 | ئاداب | زمانی عەرەبی | 81 | 164 | 245 |
| 6 | ئاداب | زمانی ئینگلیزی | 100 | 191 | 291 |
| 7 | ئاداب | دەروونزانی | 63 | 136 | 199 |
| 8 | ئاداب | کۆمەڵناسی | 75 | 108 | 183 |
| 9 | ئاداب | مێژوو | 108 | 160 | 268 |
| 10 | ئاداب | جوگرافیا | 120 | 158 | 278 |
| 11 | یاسا و زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن | یاسا | 117 | 116 | 233 |
| 12 | یاسا و زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن | سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | 69 | 71 | 140 |
| 13 | یاسا و زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن | بەڕێوەبردنی بازرگانی | 91 | 68 | 159 |
| 14 | یاسا و زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن | ژمێرەیاری | 85 | 79 | 164 |
| 15 | زانست | جیولۆجی نەوت | 124 | 40 | 164 |
| 16 | زانست | بایۆلۆژی | 75 | 162 | 237 |
| 17 | زانست | کۆمپیوتەر | 111 | 41 | 152 |
| 18 | زانست | کیمیا | 58 | 128 | 186 |
| 19 | زانست | بیرکاری | 78 | 105 | 183 |
| 20 | پەروەردەی بنیات | زانستی گشتی | 57 | 210 | 267 |
| 21 | پەروەردەی بنیات | زمانی کوردی | 91 | 240 | 331 |
| 22 | پەروەردەی بنیات | زمانی ئینگلیزی | 102 | 189 | 291 |
| 23 | پەروەردەی بنیات | بیرکاری | 180 | 61 | 241 |
| 24 | پەروەردەی بنیات | زانستی کۆمەڵایەتی | 156 | 175 | 331 |
| 25 | پەروەردەی بنیات | وەرزش | 158 | 52 | 210 |
| کۆی گشتی | | | 2487 | 2932 | 5419 |

## نموونەی توێژینەوە Research Sample

نموونەی توێژینەوە بریتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگایەی کە تایبەتمەندییەکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەکات (بارزانی، ٢٠١٦، لا٢٢؛ بۆکانی، ٢٠٢٠، لا. ١١٢).

لەم چوارچێوەیەدا، توێژەر نموونەکە بە شێوازی هەڕەمەکی فرە قۆناغ (Multi- Stage Random Sample) هەڵبژێردراوە، لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا دابەشکراوە بەسەر دوو پسپۆڕیی زانستی و مرۆیی، چونکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، کە بریتییە لە زانکۆی سۆران پسپۆڕییەکانی خوێندن لە نێوان دوو بەشی زانستی و مرۆییدا دابەشبوونە، لە هەر فاکەڵتییێک دوو بەش و لە هەر فاکەڵتییێک دوو قۆناغ، جگە لە فاکەڵتیی ئاداب سێ بەش هەڵبژێردران و فاکەڵتیی یاسا یەک بەش، لەگەڵ ئەوەشدا لە فاکەڵتیی پەروەردەی بنیات یەک بەشی مرۆیی و یەک بەشی زانستی هەڵبژێردراون. پێوەرەکە بەسەر (500) قوتابیی نێر و مێ کە دەکاتە (9.22%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە. لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) نموونەی توێژینەوە بەپێی فاکەڵتی و بەش و قۆناغی خوێندن و ڕەگەز

| فاکەڵتی | بەش | قۆناغی خوێندن | | ڕەگەز | | ڕێژەی سەدی | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | چوارەم | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| پەروەردەی بنیات | زمانی کوردی | 25 | 25 | 21 | 29 | %42 | %58 | 100 |
| | زانستی گشتی | 25 | 25 | 11 | 39 | %22 | %78 | |
| یاسا و زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن | سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | 25 | 25 | 26 | 24 | %52 | %48 | 50 |
| ئەندازیاری | شارستانی | 25 | 25 | 32 | 18 | %64 | %36 | 100 |
| | کیمیا | 25 | 25 | 29 | 21 | %58 | %42 | |
| زانست | ماتماتیک | 25 | 25 | 18 | 32 | %36 | %64 | 100 |
| | جیولوجی نەوت | 25 | 25 | 36 | 14 | %72 | %28 | |
| ئاداب | دەروونزانی | 25 | 25 | 21 | 29 | %42 | %58 | 150 |
| | جوگرافیا | 25 | 25 | 21 | 29 | %42 | %58 | |
| | مێژوو | 25 | 25 | 23 | 27 | %46 | %54 | |
| کۆی گشتی | 10 | 250 | 250 | 238 | 262 | %47.6 | %52.4 | 500 |

## ئامرازەکانی توێژینەوە

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، توێژەر دوو پێوەری لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوە، ئەوانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی (ئامادەکردن لەلایەن توێژەر).

٢- پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی. وەرگیراوە لە (الجبوري، ٢٠٠٢).

یەکەم/ پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

به مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە و پێوانەکردنی گۆڕاوی یەکەمی توێژینەوەوە کە بریتییە لە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، توێژەر پێیوابوو کە پێویستە پێوەرێکی تایبەت بە زمانی کوردی بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکە ئامادەبکرێت. شایەنی باسە بۆ ئامادەکردنی هەر پێوەرێک دەبێت چەند هەنگاوێکی زانستی بگیرێتەبەر، کە سەرەتا خۆی لە دیاریکردنی ئامانجەکان، دیاریکردنی ناوەرۆک، کۆکردنەوەی بڕگەکان، دانانی ڕێنماییەکانی تێستەکە، مەرجەکانی جێبەجێکردن و ڕێکارەکانی تێستە سەرەتاییەکان و شیکردنەوەی بڕگەکان، هەروەها لە کۆتاییشدا دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوانەکە (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، لا. ٩٦).

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

ئامادەکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گرتەبەر:

### یەکەم: ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی

پاڵپشت بە ئەدەبیات و چوارچێوەی تیۆری مەعریفی (ئارون بێک) و توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، سوود لە بڕگەکانی پێوەری توێژینەوەکانی وەکو (سارة، ٢٠١٣؛ أحمادي و سالمي، ٢٠١٥؛ مشري و آخرون، ٢٠١٨؛ الوهيبي، ٢٠١٨) بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە بەست، هەروەها وەرگرتنی ڕای بەشێک لە نموونەی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە لەسەر (40) قوتابی کە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لەخۆگرتبوو، بە شێوەی (20) قوتابی لە ڕەگەزی نێر و (20) لە ڕەگەزی مێ دابەشکردبوو، ڕاپرسییەکەش چوار پرسیاری کراوەی لەخۆگرتبوو، توێژەر توانی بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەی (45) بڕگە

دابڕێژێت، که دابەشببوون بەسەر پێنج ڕەهەنددا، ڕەهەندی یەکەم بیرکردنەوەی نەرێنی بەرانبەر داهاتووی پیشەیی (10) بڕگە، ڕەهەندی دووەم دڵەراوکێ بەرانبەر بە خوێندن و بواری پسپۆڕی (10) بڕگە، ڕەهەندی سێیەم توانای بەدەستهێنانی پیشەیەک و گرنگییەکەی (10) بڕگە، ڕەهەندی چوارەم دڵەڕاوکێی خێزانی و کۆمەڵایەتی (10) بڕگە، ڕەهەندی پێنجەم دڵەڕاوکێ بەرانبەر بە گەشەپێدانی خود (5) بڕگە.

لەم پێوەرەدا لە بەرانبەر هەر پرسیارێک یەک جۆر بژاردە هەیە، کە ئەویش پێکهاتووە لە پێوانەی بژاردەی پێنجی (Five Likert Scale) (هەمیشە= 5، زۆرجار= 4، هەندێکجار= 3، بەدەگمەن= 2، هەرگیز= 1) بۆ بڕگە نەرێنییەکان بەڵام سەبارەت بە بڕگە ئەرێنییەکان ژمارەکان پێچەوانە دەبنەوە (هەمیشە= 1، زۆرجار= 2، هەندێکجار= 3، بەدەگمەن= 4، هەرگیز= 5)، ئەمەش بۆ ئەوەی وەڵامی بەشداربووان بگۆڕین بۆ ژمارە و لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکان ژمارەکان شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

### دووەم: ڕاستگۆیی (Validity)

لە چوارچێوەی زانستی پێوانەکردنی دەروونی، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دروستکردنی پرسیارنامە بریتییە لە ڕاستگۆیی، چونکە هەروەک پسپۆڕانی بواری دروستکردنی پرسیارنامە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە هیچ پرسیارنامەیەک ناتوانێت لە توێژینەوەکاندا بەکاربهێندرێت ئەگەر مەرجی ڕاستگۆیی پێوەرەکەی نەبێت (کاکەمد، ٢٠٢٠، لا. ١٠٣).

أ: ڕاستگویی ڕواڵەتی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی ( Face Validity)

توێژەر بۆ دەرهێنانی یاخود دەستکەوتنی ڕاستگویی بۆ پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی، جورێک لە ڕاستگویی بەکارهێناوە کە پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face Validity) یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هەر پێوەرێک بریتییە لە ڕاستگۆیی، چونکە لە کاتی تاقیکردنەوەی هەر پێوەرێک پێویستە ڕاستگۆیی بۆ ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی بزاندرێت ئەو پێوەرەی ئامادەمانکردووە توانای ئەوەی هەیە کە پێوانەی ئەم دۆخە بکات، واتە وا دەردەکەوێت کە گونجاو بێت بۆ پێوانەکردن (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، لا. ١٢٢)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە شێوەی سەرەتایی، خستەبەردەم (٢١) بیست و یەک شارەزا و پسپۆری بواری دەروونزانی، بەڵام لە کوتاییدا (١٤) چواردە شارەزا و پسپۆری بواری دەروونزانی هەڵسەنگاندنیان بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە کرد، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تەنیا بڕگەی ژمارە (٢٤) بەڵگەداری ئاماریی نەبووە و لادراوە، گشت بڕگەکانی دیکە بەڵگەداری ئاماریی بوون و بەهای دەرهێنراوی کایسکوێر بەرزتربوو لە (3.84)، لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو، هەروەها بەهای دەرهێندراوی کایسکوێر بۆ گشت بڕگەکانیش بریتیبووە لە (10.457).

خشتەی (٣) دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای (Chi-Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

| ڕەهەندەکانی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی | ڕیزبەندی بڕگەکانی پێوەر | ژمارەی ڕازیبوو | ڕێژەی سەدی | بەهای کایسکوێر Chi-Squared ($X^2$) | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بیرکردنەوەی نەرێنی بەرانبەر داهاتووی پیشەیی | 1,2,4,5,6,9,10 | 14 | %100 | 14 | 3.841 | بەڵگەدارە |
| | 3,7,8 | 13 | %92.85 | 10.28 | | بەڵگەدارە |
| دڵەڕاوکێ بەرانبەر بە خوێندن و بواری پسپۆڕی | 11,12,13 | 14 | %100 | 14 | | بەڵگەدارە |
| | 14,15,18,20 | 12 | %85.71 | 7.14 | | بەڵگەدارە |
| | 16,17,19 | 13 | %92.85 | 10.28 | | بەڵگەدارە |
| توانای بەدەستهێنانی پیشەیەک و گرنگییەکەی | 21,22,23,25,26,27,28 | 12 | %85.71 | 7.14 | | بەڵگەدارە |
| | 24 | 10 | %71.42 | 2.57 | | بەڵگەدارنیە |
| | 23,29,30 | 13 | %92.85 | 10.28 | | بەڵگەدارە |
| دڵەڕاوکێی خێزانی و کۆمەڵایەتی | 31,33,34,35,38,40 | 13 | %92.85 | 10.28 | | بەڵگەدارە |
| | 32,36,37,39 | 14 | %100 | 14 | | بەڵگەدارە |
| دڵەڕاوکێ بەرانبەر بە گەشەپێدانی خود | 41,45 | 14 | %100 | 14 | | بەڵگەدارە |
| | 42,43,44 | 12 | %85.71 | 7.14 | | بەڵگەدارە |

ب: هاوکوڵکەی هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەییContrasted Groups

بۆ ئامادەکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوویی پیشەیی لە دوای دەرهێنانی ڕێژەی سەدی و بەهای (Chi-Squared) بۆ هەر بڕگەیەک و لادانی ئەو بڕگەیەی کە بەڵگەداری ئاماریی نەبوو و ئەو بڕگانەی ماونەوە و بەڵگەداری ئامارییان هەبوو کران بە پێوەرێک بۆ خستنە بەردەستی بەشێک لە نموونەی توێژینەوە لە ڕێگەی (Google Form). بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٠) خرایە بەردەستی نموونەی توێژینەوە، بە ئامانجی شیکردنەوە و دیاریکردنی هێزی جیاکاریی بڕگەکانی پێوەری

دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی. بۆ ئەم مەبەستە (220) بەشداربوو هەڵبژێردران، دواتر توێژەر شێوازی نموونەی دوو لایەنی، واتە کۆمەڵەی بەرزترین نمرەکان (27%) و کۆمەڵەی نزمترین نمرەکان (27%)ی وەرگرت. پاشان بۆ دەرهێنانی توانای جیاکاری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێکران:

- هەڵبژاردنی (59) بەشداربوو کە نوێنەرایەتی (27%) لە تاکەکانی نموونەی بەشداربووانی ئامادەکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکەن و بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە لە سەر پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لە نێوان (195بۆ45)، بەهەمان شێوە (59) بەشداربووی تریش هەڵبژێردراون کە نوێنەرایەتی (27%) تاکەکانی نموونەی بەشداربووانی ئامادەکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکەن و نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە لەسەر پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لە نێوان (45 بۆ95). شایەنی باسە ئەم جیاکاریی بڕگانە بۆ ئەوەیە کە بتواندرێت جیاکاری لە نێوان ئەو کەسانە بکات کە توانا و ئاستیان بەرزە لەگەڵ ئەوانەی توانا و ئاستیان نزمە لەو دیاردەیەی کە تێستەکە پێوانی دەکات (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، لا. ١١٣).

- بەراوردکردنی بەهای (T-test)ی دەرهاتوو بە نمرەی ئازادی (df= 116) و بەهای خشتەیی (1.962). لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە گشت بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی هاوکۆڵکەی جیاکارییان لە ئاستێکی باشدایە و گەیشتوونەتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری و گشت بڕگەکان لە سەرووی ئاستی بەڵگەدارییە، لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤) توانای جیاکاریی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

| ژمارەی بڕگەکان | کۆمەڵەی بەرزترین نمرە | | کۆمەڵەی نزمترین نمرە | | بەهای تائی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | |
| 1 | 3.8644 | 0.73008 | 1.8305 | 0.67345 | 15.72874 |
| 2 | 3.7627 | 0.72728 | 1.6949 | 0.65005 | 16.2829 |
| 3 | 3.1695 | 0.98528 | 1.6441 | 0.58021 | 10.24728 |
| 4 | 3.6441 | 0.76028 | 1.7119 | 0.72041 | 14.17006 |
| 5 | 3.7458 | 0.84268 | 1.661 | 0.73368 | 14.33189 |
| 6 | 3.4746 | 0.93506 | 1.3729 | 0.61303 | 14.43827 |
| 7 | 3.4746 | 0.93506 | 1.5424 | 0.72687 | 12.53136 |
| 8 | 3.678 | 0.75294 | 1.9322 | 0.73963 | 12.705 |
| 9 | 3.6441 | 0.71348 | 2.2542 | 0.70938 | 10.61057 |
| 10 | 4.0339 | 0.7871 | 1.5593 | 0.62343 | 18.93029 |
| 11 | 4.1695 | 0.79117 | 2.1525 | 0.78375 | 13.91148 |
| 12 | 4.1525 | 0.73844 | 1.4915 | 0.67907 | 20.37427 |
| 13 | 3.9831 | 0.7541 | 1.5932 | 0.74553 | 17.31074 |
| 14 | 3.3898 | 0.76602 | 1.4407 | 0.59513 | 15.43419 |
| 15 | 3.678 | 0.7755 | 1.7288 | 0.69059 | 14.41779 |
| 16 | 3.7797 | 0.76717 | 1.9153 | 0.74944 | 13.35301 |
| 17 | 4.0508 | 0.85951 | 1.8475 | 0.76143 | 14.73916 |
| 18 | 4.4576 | 0.70275 | 2.1864 | 0.79816 | 16.40451 |
| 19 | 3.5932 | 0.79043 | 1.7797 | 0.83186 | 12.13954 |
| 20 | 3.6271 | 0.8489 | 1.5085 | 0.704 | 14.75615 |
| 21 | 4.0678 | 0.80653 | 1.8136 | 0.77625 | 15.46815 |
| 22 | 4.2203 | 0.78932 | 2.2712 | 0.78412 | 13.45655 |
| 23 | 3.5085 | 0.72808 | 1.5593 | 0.59513 | 15.92126 |
| 24 | 3.9322 | 0.78487 | 1.661 | 0.73368 | 16.23754 |
| 25 | 3.7627 | 0.91612 | 1.6441 | 0.68889 | 14.19747 |
| 26 | 3.8983 | 0.8241 | 2 | 0.78784 | 12.78938 |
| 27 | 3.4746 | 0.97124 | 1.5254 | 0.59758 | 13.12901 |
| 28 | 3.1186 | 1.03532 | 1.5085 | 0.65319 | 10.10331 |
| 29 | 3.5593 | 0.91484 | 1.8814 | 0.91132 | 9.981213 |
| 30 | 4.2203 | 0.76717 | 2.3559 | 0.92406 | 11.92392 |
| 31 | 3.661 | 0.77926 | 1.7627 | 0.77324 | 13.28228 |
| 32 | 3.5593 | 1.05489 | 1.1695 | 0.4606 | 15.94749 |
| 33 | 3.0339 | 0.99942 | 1.661 | 0.57566 | 9.143193 |
| 34 | 3.1356 | 1.02482 | 1.8983 | 0.8029 | 7.3 |
| 35 | 3.2542 | 0.93943 | 1.7288 | 0.71512 | 9.924241 |
| 36 | 3.7458 | 0.97544 | 1.8475 | 0.69017 | 12.20268 |
| 37 | 3.6441 | 0.88596 | 1.7966 | 0.68932 | 12.64157 |
| 38 | 3.5932 | 0.87333 | 1.5763 | 0.69984 | 13.84315 |
| 39 | 3.5254 | 0.95332 | 1.5085 | 0.65319 | 13.40611 |
| 40 | 3.8136 | 0.81947 | 1.9831 | 0.81983 | 12.12979 |
| 41 | 3.7119 | 0.67084 | 1.8644 | 0.73008 | 14.3124 |
| 42 | 3.1695 | 0.85405 | 1.5424 | 0.72687 | 11.14421 |
| 43 | 3.5085 | 0.98913 | 1.9831 | 0.7541 | 9.420296 |
| 44 | 3.7119 | 0.92942 | 1.8983 | 0.84476 | 11.09127 |

ج: پەیوەندیی نمرەی بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوانەی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

دوای بەکارهێنانی یاسای هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پێرسۆن Pearson Correlation بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی بڕگەکان بە پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە لە نێوان نمرەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە (220) کەس، لەسەر هەموو بڕگەیەک و نێوان کۆی نمرەکانیان لەسەر پێوەرەکە، ئەنجامی پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە دەرکەوت گشت بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بەڵگەداری ئاماریيان هەیە و پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا

هەیە لە ئاستی (0.01)، بەپێی خشتەی پێرسۆن بۆ پەیوەندی لە نێوان بڕگەکان، لێرەدا پشت بە ئاستی بەرز بەستراوە، بەو پێیەی هەر بەهایەکی دەرهێندراو بکەوێتە ئاستی 0.1 ئەوا بڕگەکە لاوازە، هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی 0.3 ئەوا ئاستێکی مامناوەندی دەبێت و هەر بڕگەیەکیش ئاستی بکەوێتە 0.4 یان گەورەتر، ئەوا ئاستی بڕگەکان لە ئاستێکی بەهێز دادەندرێت (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، لا. ١١٦). کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت سەرجەم بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا هەیە، لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٥) پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە نمرەی گشتی پێوەرەکە

| ژمارەی بڕگەکان | پەیوەندی | ژمارەی بڕگەکان | پەیوەندی | ژمارەی بڕگەکان | پەیوەندی | ژمارەی بڕگەکان | پەیوەندی | ژمارەی بڕگەکان | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .761** | 10 | .842** | 19 | .703** | 28 | .618** | 37 | .740** |
| 2 | .802** | 11 | .711** | 20 | .747** | 29 | .658** | 38 | .763** |
| 3 | .669** | 12 | .787** | 21 | .801** | 30 | .683** | 39 | .760** |
| 4 | .774** | 13 | .761** | 22 | .750** | 31 | .691** | 40 | .680** |
| 5 | .750** | 14 | .735** | 23 | .732** | 32 | .749** | 41 | .737** |
| 6 | .757** | 15 | .782** | 24 | .803** | 33 | .583** | 42 | .650** |
| 7 | .717** | 16 | .741** | 25 | .727** | 34 | .463** | 43 | .633** |
| 8 | .695** | 17 | .789** | 26 | .724** | 35 | .639** | 44 | .680** |
| 9 | .632** | 18 | .770** | 27 | .731** | 36 | .747** | | |

(**) بە مانای بوونی پەیوەندی بۆ ئاستی بەڵگەداری (0.01)

سێیەم: جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی Cronbach's Alpha

ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) یەکێکە لە جۆرەکانی جێگیری و زۆربەی توێژەران گرنگییەکی زۆر بەم جۆرە جێگرییە دەدەن، بە

مەبەستی دەرهێنانی جێگری بەکاریدەهێنن. ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دۆزینەوە پەیوەندیی یەکگرتووی هەر بڕگەیەک بە بڕگەکانی دیکەوە. شایەنی ئاماژەبۆدانە جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی (Cronbach’s Alpha) پێوانەیەکە بۆ دەرهێنانی جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بۆ هەر پێوەرێک بەکاردێت کە پێوانەکەی دەکەوێتە نێوان (0 بۆ1)، هەروەها جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بریتییە لەو جۆرە پێوانەکردنەی کە بۆ پێوەر یان تاقیکردنەوەیەک بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە بڕگەکانی ئەم پێوەرە تا چەند هاوپەیوەندن بەیەکەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ جێگیریی پێوانەکان بەکاردێت (Tavakol & Dennick, 2011, p. 53).

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بۆ پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بە هەر پێنج ڕەهەندەکەیەوە توێژەر سوودی لە هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach’s Alpha) وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستە دوای بەکارهێنانی جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی بۆ (220) بەشداربوو جێگری بۆ ئەم پێوەرەیە بدۆزێتەوە، دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە دەرکەوت؛ کە ڕێژەی جیگیری پێوانەکەی کە (٤٤) بڕگە بوون، بریتییە لە (0.978)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی بەرزە و بەڵگەداری ئامارییە.

**دووەم/ پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی (الجبوري، ٢٠٠٢)**

توێژەر بۆ پێوانەکردنی ئاستی خواستی ئەکادیمی پشتی بە پێوەرێکی ئامادەکراو بەستووە ئەویش پێوەری (الجبوري، ٢٠٠٢)، کە ئاستی جێگرییەکەی بریتیبووە لە (0.83)، هەروەها پێوەرەکە لە (25) بڕگە پێکهاتووە، لەم پێوەرەدا بۆ وەڵامی هەر بڕگەیەک یەک جۆر بژاردە هەیە، کە ئەویش بژاردەی پێوانەی پێنجیە (Five Likert Scale)، (5 بۆ 1) بۆ بڕگە ئەرێنییەکان کە ژمارەیان (17) بڕگەیە بەپێی بژاردەکانی پێوەرەکە بریتین لە (هەمیشە بەسەرمدا دەچەسپێت= 5، زۆرجار بەسەرمدا

دەچەسپێت= 4، هەندێجار بەسەرمدا دەچەسپێت= 3، زۆرکەم بەسەرمدا دەچەسپێت= 2، بەهیچ شێوەیەک بەسەرمدا ناچەسپێت= 1)، بەڵام سەبارەت بە بڕگە نەرێنییەکان کە ژمارەیان (8) بڕگەیە پێدانی نمرەکان پێچەوانە دەبێتەوە بەم شێوەیە (1 بۆ 5) بەپێی ڕیزبەندی بژاردەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی وەڵامی بەشداربووان بگۆڕین بۆ ژمارە و لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

وردیی وەرگێران بۆ پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی Translate Validity

بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی لەسەر نموونەی توێژینەوە بە زمانی کوردی، توێژەر پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەویش بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێک بۆ دەرهێنانی وردیی وەرگێڕان:

١- توێژەر پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی خستە بەردەستی شارەزایەکی زمانی عەربی – کوردی، بە مەبەستی وەرگێڕانی بڕگەکانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

٢- پاشان پێوەرە وەرگێڕدراوەکەی دووبارە خستە بەردەستی شارەزایەکی تری زمانی کوردی - عەرەبی بە مەبەستی وەرگێڕانی لە زمانی کوردی بۆ عەرەبی.

٣- دوای وەرگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی، توێژەر پێوەرە ڕەسەنەکە لەگەڵ وێنەیەک لە پێوەرە وەرگێڕدراوەکەی خستە بەردەم سێ شارەزای تر لە بواری دەروونزانی بۆ بەراوردکردن، کە هەرسێکیان زمانی کوردی و عەرەبی دەزانن.

٤- پاش ئەوەی کە پێوەرە ڕەسەنەکە و پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لەلایەن شارەزایانەوە بەراوردکران، دەرکەوت کە هەردوو وێنەی پێوەرەکە تا ڕادەیەکی زۆر هاوتابوون و توێژەر لەم ڕوانگەیەوە لە ڕاستگۆیی وەرگێڕانی پێوەرەکە و لە جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەیدا دڵنیابوویەوە.

## ڕاستگۆیی ڕواڵەتی Face Validity

توێژەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستگویی بۆ پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی، جورێک لە ڕاستگویی بەکارهێناوە کە پێی دەگوترێت ڕاستگویی ڕواڵەتی (Face Validity)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری ئاستی خواستی ئەکادیمی، (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆی ٣)، خستە بەردەم (21) بیست و یەک شارەزا و پسپۆڕی بواری دەروونزانی، بەڵام لە کوتاییدا (14) چواردە شارەزا و پسپۆڕی بواری دەروونزانی هەڵسەنگاندنیان بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە کرد. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بڕگەکانی ژمارە (10,17,21) بەڵگەداری ئاماری نەبوون و لابراون، گشت بڕگەکانی دیکە بەڵگەداری ئامارییان هەیە و بەهای دەرهێنراوی کایسکوێر بەرزتربوو لە (3.84)، لە خشتەی (٦) خراوەتەڕوو، هەروەها بەهای دەرهێندراوی کاسکوێریش بۆ گشت بڕگەکان بریتیبوو لە (11.462).

خشتەی (٦) دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای (Chi-Squared) بۆ سەرجەم برگەکانی ئاستی خواستی ئەکادیمی

| پێوەری | ریزبەندی برگەکانی پێوەر | ژمارەی رازیبوو | ڕێژەی سەدی | بەهای کایسکوێر Chi-Squared ($X^2$) | بەهای خشتەیی | ئاستی بەلگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خواستی ئەکادیمی | 2,3,5,7,8,9,11,12,14,18,19,22,23 ,24,25 | 14 | %100 | 14 | 3.84 | بەلگەدارە |
| | 1,4,13,15,16,20 | 13 | %92.85 | 10. 28 | | بەلگەدارە |
| | 6 | 12 | %85.71 | 7.14 | | بەلگەدارە |
| | 10,17,21 | 10 | %71.42 | 2.57 | | بەلگەدارنیە |

## جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی Cronbach's Alpha

یەکێکە لە جۆرەکانی جێگیری و زۆربەی توێژەران گرنگییەکی زۆر بەم جۆرە جێگرییە دەدەن. بۆیە توێژەر بە بەکارهێنانی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی (Cronbach's Alpha) بۆ (220) بەشداربوو بەهای هاوکۆڵکەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ سەرجەم برگەکان، کە (22) برگە بوون بریتیبوو لە (0.918)، کە ئەمەش واتای ئەوەیە کە هاوکۆڵکەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی بەرزە و بەڵگەداری ئامارییە.

ئامرازە ئامارییەکان

بەکارهێنانی یاسای کا٢(Chi-Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی، هەروەها یاسای ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی و هاوکۆڵکەی پەیوەستی پیرسۆن (Pearson correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە

نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا یاسای تی تێستی یەک نموونەیی (one sample T. test) بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان بەکارهاتووە.

### خستنەڕووی ئەنجامەکان ڕاڤە و گفتوگۆکردنیان

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لەلای نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی

بەکارهێنانی یاسای (One Sample T-Test) بۆ زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لەلای نموونەی توێژینەوە، کە بریتیبوو لە (500) بەشداربوو، لە ئەنجامدا وەک لە (خشتەی ژمارە ١٤)، دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی (M= 143.426) بە لادانی پێوەری (SD= 20.986) و (ناوەندی گریمانەیی= 132)، هەروەها نمرەی ئازاد (df= 499)، بەهای (T= 12.174) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.962)، هەروەها (P= 0.00) بچووکترە لە ئاستی (0.05) بەڵگەداری ئامارییی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بابەتی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بەڵگەداری ئامارییی هەیە و ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لەلای نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٧) زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی

| گۆڕاوی توێژینەوە | قەبارەی نموونەی N | ناوەندی ژمێرەیی M | ناوەندی گریمانەیی $M_0$ | لادانی پێوەریی SD | بەهای T. Test | نمرەی ئازاد DF | P-Value (Sig.) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی داهاتوویی پیشەیی | 500 | 143.426 | 132 | 20.986 | 12.174 | 499 | 0.00 | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامە پشتڕاست دەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی (جبر، ٢٠١٢؛ الغافري، ٢٠٢٠؛ بوعسيلة و عزيزة، ٢٠٢٠؛ المقبالي و الخواجة، ٢٠٢١) کە ئاماژە بەوە دەکەن؛ نموونەی توێژینەوەکانیان هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکەن و لە ئاستی مامناوەندایە. بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەکانی (المحاميد و السفاسفه، ٢٠٠٧؛ أحمادي و سالمي، ٢٠١٥؛ سارة، ٢٠١٦) کە ئاماژە بەوە دەکەن کە نموونەی توێژینەوەکانیان هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی دەکەن. کە هەموویان جەختیان لە سەر ئەوە کردووتەوە کە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لەلای بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکانیان بەڵگەداری ئاماریی هەیە و لە ئاستێکی بەرزدایە.

بە پشتبەستن بەم ئەنجامە دەکرێت کە هۆکاری بوونی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی لەلای قوتابییان بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێتەوە کە پەیوەستە بە ژیانی داهاتووی تاکەوە، چونکە هەروەک (یۆنگ) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە مرۆڤ کارتێکراوە بە ڕابردوو و داهاتووش هەمیشە وەکو هیوایەک لە پێشخۆیدا دەبینێت، بۆیە کاتێک مرۆڤ لە داهاتووی خۆی دڵنیا نەبێت وا دەکات تاک هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتووی بکات (مستەفا، ٢٠١٩، ل. ١٢١)، کەواتە داهاتووی ژیانی مرۆڤ کاریگەریی دەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ و دەکرێت ببێتە هۆکارێکی سەرەکی کە مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی ببێت بەهۆی دەستنەکەوتنی پیشەیەک.

### ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی لەلای نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی

بەکارهێنانی یاسای (One Sample T-Test) بۆ زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی لەلای نموونەی توێژینەوە، کە بریتیبوو لە (500) بەشداربوو، لە ئەنجامدا وەک لە (خشتەی ژمارە ٢٢)، دەردەکەوێت، کە

ناوەندی ژمێرەیی (M= 84.674) بە لادانی پێوەری (SD= 7.130)، (ناوەندی گریمانەیی= 66)، نمرەی ئازاد (df= 499)، بەهای (T= 58.562) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.962)، هەروەها (P= 0.00) بچووکترە لە ئاستی (0.05) بەڵگەداری ئاماریی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بابەتی ئاستی خواستی ئەکادیمی بەڵگەداری ئاماریی هەیە و ئاستی خواستی ئەکادیمی لەلای نموونەی توێژینەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە (٨) زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی**

| گۆڕاوی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە N | ناوەندی ژمێرەیی M | ناوەندی گریمانەیی $M_0$ | لادانی پێوەری SD | بەهای T. Test | نمرەی ئازاد DF | P-Value (Sig.) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خواستی ئەکادیمی | 500 | 84.674 | 66 | 7.130 | 58.562 | 499 | 0.00 | بەڵگەدارە |

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی (شبير ٢٠٠٥؛ الزبيدي، ٢٠٠٩؛ السادة والرحيم، ٢٠١١؛ بكر ٢٠١٨؛ العبيدي والعزاوي، ٢٠١٩؛ الجباري والدوري، ٢٠١٩؛ زقاو، ٢٠٢٠) هاوتایە کە ئاماژە بەوە دەکەن ئاستی خواستی ئەکادیمی لەلای نموونەی توێژینەوەکەنیان لە ئاستێکی بەرزدایە.

بە پشتبەستن بەو ئەنجامە دەکرێت هۆکاری هەبوونی بەرزی ئاستی خواستی ئەکادیمی بۆ ئەو هۆکارانە بەگەڕێتەوە کە خودی ئەکادیمیا وەکو تایبەتمەندییەکی باڵا هەژماردەکرێت و لە ڕێگەی ئەو توانایەی کە لە

ئەکادیمیاوە بەدەستدەخرێت بە باڵاترین ئۆرگانی مەعریفی لە کۆمەڵگەکان دادەندرێت و وا دەکات کە تاک بگاتە ئاستێکی بەرزی مەعریفی و زانستی، کە سەرەنجام ئەو خواستەی تاک بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی بەدەستی دەخات دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێکی خاوەن مەعریفە و زانست (حوسێن، ٢٠٢٠، لا. ٢١٩) بۆیە دەکرێت بەهۆی ئەو گرنگییەی کە ئەکادیما هەیەتی هۆکارێکی سەرەکی بێت لە بەرزبوونەوەی ئاستی خواستی ئەکادیمی لەلای بەشداربووانی توێژینەوە.

ئامانجی سێیەم: زانینی پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی.

دوای بەکارهێنانی (Pearson Correlation Coefficient) بۆ زانینی پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی، لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی (٩) ئاماژەی پێکراوە، قەبارەی نموونە (N= 500) ئەوا دەرکەوت کە بەهای ($r = -0.089^*$, $p = 0.04 < 0.05$) کەواتە بەڵگەداری ئامارییی هەیە و دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی بە ڕێژەی (-0.8 %) پەیوەندییەکی نەرێنییان بە یەکەوە هەیە.

خشتەی ژمارە (٩) پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی

| گۆڕاوی توێژینەوە | قەبارەی نموونە N | دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی | ئاستی خواستی ئەکادیمی | P- Value (Sig.) |
|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی | 500 | -0.089* | 1 | 0.04 |
| ئاستی خواستی ئەکادیمی | 500 | 1 | -0.089* | |

(*) بە مانای بوونی پەیوەندی بۆ ئاستی بەڵگەداری (0.05)

ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (المشيخي، ٢٠٠٩؛ المصري، ٢٠١١؛ أبو العيش، ٢٠١٧) هاوتایە، کە ئەنجامەکانیان ئەوە دەردەخەن پەیوەندی لەنێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و خواستی ئەکادیمی دا پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە.

بوونی پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی ڕەنگە بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە سروشتی دڵەڕاوکێوە، چونکە دڵەڕاوکێ بە سروشتی خۆی دۆخێکی نادڵنیایی و ناڕۆشنە لەبارەی دۆخێکەوە، کە وا دەکات تاک لە ئەنجامی ئەو نادڵنیایەی کە هەیەتی هەست بە دڵەڕاوکێ بکات (شيشاني، ٢٠١٢، لا. ٢٩)، بۆیە نەبوونی دڵنیاییەک لەبارەی ئەو کارەی کە لە داهاتوودا دەکرێت، تاک دەستەبەری بکات وا دەکات کە تاک لەبارەی داهاتووی پیشەییەکەی بکەوێتە دڵەڕاوکێی دهاتوویەوە، لەم گۆشەنیگایەشەوە خواستی ئەکادیمی یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە تاک دەکرێت لە داهاتوودا بتوانێت کارێک فەراهەمبکات، ئەوا وا دەکات کە ببێتە بابەتێکی بیرکردنەوە لەلای تاک، کە لەلایەکەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی بدات و لەلایەکی دیکەوە هەست بە دوودڵی بکات.

## ڕاسپاردەکان

١- وەزارەتی خوێندنی باڵا هەوڵبدات لە ڕێگەی ڕێنماییکارانی دەروونی و کۆمەڵایەتی کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو دۆخانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێی داهاتوو بکات.

٢- وەزارەتی خوێندنی باڵا/ زانکۆکان و فاکەڵتییە مرۆییەکان بۆ هەوڵدان و دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو کە ببێتە هاندەر بۆ قوتابییان تاکو ئاستی خواستی ئەکادیمییان لەلا بەرزتر بێت.

٣- هانی پسپۆڕانی بواری دەروونی بدرێت بۆ سازدانی کۆڕ و سیمیناری تایبەت بە دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و پەیوەستکردنی بە دەستکەوتی ئەکادیمییەوە.

٤- وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دامەزراندن و فەراهەمکردنی دەرفەتی کار بە گوێرەی پسپۆڕییەکان، بۆ ئەوەی قوتابی ترسی لە دەستکەوتنی کار لە داهاتوودا نەبێت.

## پێشنیازەکان

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەبارەی دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و پەیوەندی بە خواستی ئەکادیمی لەلای قوتابییانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر دڵەراوکێی داهاتووی پیشەیی لای قوتابییانی ئامادەیی.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر دڵەڕاوکێی داهاتووی پیشەیی و پەیوەندی بە دروستیی دەروونی لای قوتابییانی زانکۆ.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر خواستی ئەکادیمی و پەیوەندی بە سیستەمی خوێندن لای قوتابییانی زانکۆ.

## لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کورییەکان:

- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠١٦). *جینۆسایدی باوکان*، توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، دەڤەری بارزان.

- بۆکانی، سابر (٢٠٢٠)، *میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی*، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.

- بەرواری، خالک میکائیل (٢٠١٩). *تیۆرێن کەسایەتیێ*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەهران، لە بڵاوکراوەی پەرتووکخانەیان بەدرخانینان- دهۆک.

- حوسێن، محمد تەها (٢٠٢٠). *بیرکردنەوە بۆ ژیان بیرکردنەوە دژی ژیان*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون_سلێمانی.

- دۆنسێل، جەی ئێف (٢٠٠٤). *دەرونشیکاری و پێرەوی فرۆید*، وەرگێرانی ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما-سلێمانی.

- شاملۆ، سەعید (٢٠١٠). *قوتابخانە وتیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی*، وەرگێرانی فرمێسک ڕزگار وسیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج-سلێمانی.

- شیشانی، احمد (٢٠١٢). *نەخۆشیە دەروونیەکان هۆکار و چارەسەر*، وەرگێرانی محمەد عەلی وەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج_سلێمانی.

- علی، ئازاد وابراهیم، سەرهەنگ (٢٠١٩). *دەروازەیەک بۆ دەروونزانی گشتی*، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.

- عومەر، جەعفەر(٢٠١٩). *نەخۆشی دەروونی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ترەینین ئەکادیمی.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٨). *پێوان و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەروونزانیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی زبان صلح، ئیران_تەهران.

- کاکەمد، کاروان کاکەبرا (٢٠٢٠). *دیسلێکسیا لای قوتابییانی کورد (قوتابییانی زانکۆ وەکو نموونە)*، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- مستەفا، یوسف حەمەساڵح (٢٠١٩). *کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ*، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە-سلێمانی.

- مۆرگان، سیدۆ (٢٠٢١). *بنەماکانی زانستی دەروونی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک_سۆران.

- النوح، مساعد بن عبدالله ( ٢٠١٨). *ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی*، وەرگێرانی خالیدە قادر فەرەج، چاپی یەکەم، چاپخانەی، هێڤی.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أبو العيش، هيا سليمان (٢٠١٧). القلق من المستقبل وعلاقتها بمستوى الطموح الأكاديمي لدى الطالب الجامعي، دراسة ميدانية في الكليات

العلمية والأدبية في جامعة حائل، المملكة العربية السعودية، *مجلة العلوم التربوية والنفسية*، المجلد ١٨، العدد (٤)، ص ٩٧-١٣٣.

- أبو عمرة، عبدالمجيد عواد مرزق (٢٠١٢). *الأمن النفسي وعلاقته بمستوى الطموح والتحصيل الدراسي لدى طلبة الثانوية العامة*، دراسة مقارة بين أبناء شهداء وأقرانهم العاديين في محافظة غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الأزهر بغزة- فلسطين.

- أحمادي، سهيلة و سالمي، مسعودة (٢٠١٥). *قلق المستقبل المهني وعلاقته بالأفكار اللاعقلانية لدى طلبة الجامعة،* دراسة ميدانية على عينة من طلبة كلية العلوم الإجتماعية والعلوم التكنولوجية المقبلين على التخرج بجامعة الشهيد حمه لخضر الوادي، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في علوم التربية منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة الوادي، الجزائر

- إسماعيل، إيمان محمد صبري (٢٠٠٣). بعض المعتقدات الخرافية لدى المراهقين وعلاقتها بقلق المستقبل والدافعية للإجناز، *المجلة المصرية للدراسات النفسية*، المجلد ١٣، العدد (٣٨)، ص٥٣-٩٩.

- بكر، محمد السيد حسين (٢٠١٨). مستوى الطموح وعلاقته بدافعية الإنجاز لدى عينة من طلبة وطالبات جامعة الجوف، *مجلة الإرشاد النفسي*، جامعة عين شمس، الجز (٢)، العدد (٥٣)، ص١-٢٨.

- بوعسيلة، إيمان وعزيزة. قارة *(٢٠٢٠). سمات الشخصية وعلاقتها بقلق المستقبل المهني لدى طلبة الجامعة دراسة ميدانية ببعض جامعات الجزائر*، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة محمد الصديق بن يحي – جيجل، الجزائر.

- الجباري، جنار عبدالقادر احمد والدوري، بأن صابر قدوري (٢٠١٩). قلق الامتحان علاقته بمستوى الطموح الأكاديمي لدى طلبة كلية التربة للعلوم الأنسانية، *مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية*، المجلد ٢٦، العدد (٤)، ص ٤٢٦-٤٤٩.

- جبر، أحمد محمود (٢٠١٢). *العوامل الخمسة الكبرى للشخصية وعلاقتها بقلق المستقبل لدى طلبة الجامعات الفلسطينية بمحافظات غزة*، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الأزهر- غزة، فلسطين.

- الجبوري، سعد جويد كاظم والشافعي، صادق عبيس (٢٠١٠). قياس مستوى قلق المستقبل المهني لدى طلبة جامعة كربلاء.

- https://www.researchgate.net/publication/340850385_qyas_mstwy_qlq_almstqbl_almhny_ldy_tlbt_jamt_krbla

- الجبوري، سناء لطيف حسون (٢٠٠٢). مستوى الطموح وعلاقته بقوة التحمل الشخصية لدى طلبة الجامعة، جامعة المستنصرية، كلية التربية، رسالة ماجستير غير منشورة.

- خليل، آمنة وشلبي، مبروكة (٢٠٢٠). *قلق المستقبل المهني وعلاقته بالتوافق الأكاديمي لدى الطلبة المقبلين على التخرج*، دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة، مذكرة ماجستير، بجامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، الجزائر.

- الزبيدي، رحيم عبدالله جبر (٢٠٠٩). أحداث الحياة الضاغطة وعلاقتها بمستوى الطموح الأكاديمي لدى طلبة الجامعة، *مجلة كلية التربية*، العدد (٥)، ص٧٩-١١٩.

- زقاو، إكرام (٢٠٢٠). *مستوى الطموح الاكاديمي لدى الطالب الجامعي المعاق حركيا*، دراسة عيادية مطبقة على ثلاث حالات من طلبة المرحلة الجامعية، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في علم النفس المدرسي منشورة، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خيضر – بسكر، الجزائر.

- زهران، محمد حامد، زهران، سناء حامد (٢٠٠٦). مفهوم الذات الأكاديمي ومستوى الطموح لدى طلاب وطالبات الجامعات الحكومية والجامعات الخاصة، *المؤتمر السنوي الثالث عشر، مركز الإرشاد النفسي، جامعة عين شمس*، المجلد (١)، ص٧١-١١٠.

- السادة، صفاء وديع عبد والرحيم، زينة على صالح (٢٠١١). قياس مستوى الطموح لدى طلبة جامعة القادسية، *مجلة القادسية للعلوم الإنسانية*، المجلد ١٤، العدد (٣)، ص٣٠٧-٣٢٤.

- سارة، بكار (٢٠١٣). *أنماط التفكير لدى طلبة الجامعة وقلق المستقبل المهني دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة تلمسان*، مذكرة تخرج لنيل درجة الماجستير في علم النفس منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، الجزائر.

- سارة، بكار (٢٠١٦). قياس مستوى قلق المستقبل المهني لدى طلبة الجامعة دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة تلمسان، *مجلة مجلة العلوم التربوية والاجتماعية*، المجلد ٣(٢)، ص٣٦٧-٣٨٦.

- سالمي، مسعودة (٢٠١٨). قلق المستقبل المهني لدى طلبة الجامعة حمة لخضر بالوادي، *مجلة العلوم النفسية و التربوية*، المجلد ٦ (١)، ص٣٥٨-٣٧٦.

- السميري، نجاح عواد وصالح، عايدة شعبان (٢٠١٣). فاعلية برنامج إرشادي بتقنيات العقل والجسم حدة قلق المستقبل لدى طالبات جامعة الأقصى بمحافظة غزة، *مجلة جامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية*، المجلد ٢١، العدد (٢)، ص٦٣- ٩٨.

- السواط، وصل االله عبداالله حمدان (٢٠١٠). فعالية برنامج يستند إلي الإرشاد المعرفي السلوكي في التخفيف من قلق المستقبل لدي طلاب المرحلة الثانوية، *المجلة المصرية للدراسات النفسية*، المجلد ٢٠، العدد (٦)، ص٤٣٧-٤٨٢.

- شبير، توفيق محمد توفيق (٢٠٠٥). دراسة لمستوى الطموح وعلاقة ببعض المتغيرات في ضوء الثقافة السائدة لدى طلبة الجامعة الإسلامية بغزة، رسالة ماجستير منشورة، الجامعة الإسلامية، غزة.

- عبدالفتاح، كاميليا (١٩٨٤). *مستوى الطموح والشخصية*، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

- عبدالفتاح، كاميليا (١٩٩٠). *دراسات سيكولوجية في مستوى الطموح والشخصية*، الطبعة الاولى، دار النهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، الفجالة، القاهرة.

- العبيدي، صباح مرشود منوخ والعزاوي، آمال جدوع احمد (٢٠١٩). الدافعية العقلية وعلاقتها بمستوى الطموح الأكاديمي لدى طلبة الجامعة، *مجلة العلوم النفسية*، المجلد المؤتمر، العدد ٢٢، ص٨٥-١١٨.

- العكايشي، بشرى احمد جاسم (٢٠٠١). *قلق المستقبل وعلاقته ببعض المتغيرات لدى طلبة الجامعة*، (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة المستنصرية، كلية الاداب، بغداد.

- علی، حبيب (٢٠١٦). *نمط التفكير وعلاقته بقلق المستقبل المهني لدي طلبة قسم التربية البدنية المقبلين علي التخرج*، مذكرة لنيل شهادة ماجستير في علوم وتقنيات النشاطات البدنية و الرياضية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، الجزائر.

- الغافري، نصراء مسلم حمد (٢٠٢٠). تأكيد الذات وعلاقته بقلق المستقبل المهني لدى طلبة الكلية المهنية بعبري سلطنة عمان، دراسة نفسية اجتماعية، *مجلة الإكترونية الشاملة متعددة التخصصات عمان*، العدد العشرون، شهر (١)، ص١-٣٢.

- قادیر، بشرة (٢٠١٩). *فاعلية برنامج إرشادي قائم على تنمية مهارات التفكير الإيجابي في خفض مستوى قلق المستقبل لدى متربصات التكوين المهني*، دراسة ميدانية بمركز التكوين المهني والتمهين زوبيدي عبد القادر ورقلة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر.

- القطناني، علاء سمير موسى (٢٠١١). *الحاجات النفسية ومفهوم الذات وعلاقتها بمستوى الطموح لدى طلبة جامعة الأزهر بغزة في ضوء نظرية محددات الذات*، رسالة ماجستير منشورة، كلية التربية، جامعة الأزهر بغزة- فلسطين.

- المحاميد، شاكر عقلة والسفاسفه، محمد إبراهيم (٢٠٠٧). قلق المستقبل المهني لدى طلبة الجامعات الأردنية وعلاقتها ببعض المتغيرات، *مجلة القلق التربوية والنفسية*، المجلد ٨، العدد (٣)، ص١٢٧-١٤٢.

- محمود، حنان حسين (٢٠١٧). مفهوم الذات الأكاديمية ومستوي الطموح الأكاديمي وعلاقتهما بالاندماج الأكاديمي لدى عينة من طالبات الجامعة، *مجلة العلوم التربوية*، الجزء ٢، العدد (٢)، ص٦٠٣-٦٤٦.

- مخيمر، هشام بن محمد بن إبراهيم (٢٠١٣). قلق المستقبل المهني وعلاقته بالدافع للإنجاز الأكاديمي لدي طلاب الجامعة، *المجلة المصرية للدراسات النفسية*، المجلد ٢٣، العدد (٧٩)، ص٤٩٧-٥٥٠.

- مشري، سلاف وفلاح، خولة وجوادي، وسيلة (٢٠١٨). مقياس قلق المستقبل المنهي للطلبة المقبلين على التخرج، *مجلة العلوم الاجتماعية – جامعة ألاغواط*، المجلد ٧، العدد (٣١)، ص٢٧٣-٢٨٨.

- المشيخي، غالب بن محمد علي (٢٠٠٩). *قلق المستقبل وعلاقته بكل من فاعلية الذات ومستوى الطموح لدى عينة من طلاب جامعة الطائف*، اطروحة دكتوراه منشورة، كلية التربية، جامعة ام القرى، المملكة العربية السعودية.

- المصري، نيفين عبدالرحمن (٢٠١١). *قلق المستقبل وعلاقته بكل من فاعلية الذات ومستوى الطموح الأكاديمي لدى عينة من طلبة جامعة الأزهر بغزة*، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الأزهر، غزة.

- المقبالي، على بن حميد بن سيف والخواجة، عبدالفتاح محمد سعيد (٢٠٢١). قلق المستقبل المهني وعلاقته بمستوى الطموح المهني لدى طلبة دبلوم التعليم العام بمحافظة جنوب الباطنة في سلطنة عمان، *مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع*، العدد (٦٣)، ص٢٤٨-٢٦١.

- ميره، امل كاظم (٢٠١٢). الاستقرار النفسي وعلاقته بمستوى الطموح عند طلبة الجامعة، *مجلة كلية التربية للبنات*، المجلد ٢٣، العدد (٢)، ص٣٤٠-٣٥٩.

- ميسة، فاطمة وميسة، فضيلة (٢٠١٤). *الرضا عن التخصص الدراسي وعلاقته بمستوى الطموح لدى الطالب الجامعي*، دراسة ميدانية ببعض

كليات جامعة الوادي، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في علوم التربية منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة الوادي، الجزائر.

- النتشة، نيرمين حجازي (٢٠٢١). *التدفق النفسي وعلاقته بالطموح الأكاديمي لدى عينة من طلبة الدراسات العليا في جامعات محافظة الخليل*، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الخليل، فلسطين.

- الوهيبي، احمد بن سالم بن سعيد (٢٠١٨). *قلق المستقبل المهني وعلاقته بأنماط التفكير الإيجابي والسلبي لدى طلبة دبلوم التعليم العام في سلطنة عمان*، رسالة ماجستير منشورة، كلية العلوم والآداب، جامعة نزوى، عمان.

- يوسفي، دلال (٢٠١٧). *قياس فاعلية برنامج إرشادي مقترح لتنمية مستوى الطموح الأكاديمي لدى تلاميذ المرحلة الثانوية*، دراسة ميدانية بثانوية حي القطب بالمسيلة، اطروحة دكتوراه منشوره، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، الجزائر.

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

- Abiola, j. (2014). Impact of educational aspirations on vocational choices of the female secondary school students in Ondo west local government area of Ondo state, *Nigeria. European scientific journal*. 1, 224-233.

- Almomani, A. & Theeb, A. (2016). The Ambition Level and its Relation with Perceived Self-Efficacy in Light of Certain Variables among a Sample of Jordanian Universities Students. *International Journal of Asian Social Science*, Vol. 6, No (12), 683-697.

- Ampofo ,E., & Owusu, B. (2015). students' academic performance as mediated by students' academic ambition and effort in the public senior high schools in Ashanti Mampong municipality of Ghana, *International journal of academic research and reflection*, Vol 3, No (05), 19-35.

- Apuke, O. (2017). Quantitative Research Methods: A Synopsis Approach. Arabian Journal of *Business and Management* Review (kuwait Chapter). 6. 40-47. 10.12816/0040336.

- Guerrero, G., & Guerrero, C., & Cussianovich, A., & Fraine, B., & and Cueto, S. (2016). *Education Aspirations among Young People in Peru and their Perceptions of Barriers to Higher Education*. 1st edition, Licensing Agency, UK.

- Kenioua, M., & Boumesjed, A. E. (2018). Future anxiety and its relationship to level of aspiration among physical education students. *Revue Sciences et Pratiques des Activités Physiques Sportives et Artistiques*, (13), 1.

- Tavakol, M., & Dennick, R. (2011). Making sense of Cronbach's alpha. *International journal of medical education*, 2, 53.

- Zaleski, Z. (1996). Future anxiety, Concept, measurement and preliminary research, *Personality and Individual Differences*, Vol. 21, No (2), p. 165-174.

## ملخص

الهدف الرئيسي للبحث الحالي هو معرفة مستوى قلق المستقبل المهني، ومعرفة مستوى الطموح الأكاديمي، ومعرفة العلاقة بين القلق المستقبل المهني ومستوى الطموح الأكاديمي لعينة البحث. حيث يتمثل مجتمع البحث الحالي من طلبة جامعة سوران .فيما يتكون عينة البحث من (٥٠٠) طلاب من جامعة سوران. واعتمد الباحث في بحثه على الأساليب الوصفية والكمية للحصول على البيانات من خلال نماذج المسح، وفيما يخص متغير قلق المستقبل المهني قام الباحث بالإعداد مقياس لهذا الغرض. أما فيما يتعلق بمتغير مستوى الطموح الأكاديمي فقد اعتمد الباحث على مقياس (الجبوري، ٢٠٠٢). حيث اظهرت نتائج البحث بان مستوى قلق المستقبل المهني يظهر متوسط، كما أن مستوى الطموح الأكاديمي أيضًا على مستوى عالٍ. كما اظهرت النتائج بان هناك علاقة سلبية بين قلق المستقبل المهني ومستوى الطموح الأكاديمي. وفي ضوء النتائج قام الباحث بتقديم عدد من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية:** قلق المستقبل المهني، مستوى الطموح الأكاديمي، طلاب الجامعة.

**Abstract**

The main objective of this study is to know the level of career future anxiety, to know the level of academic aspiration and to find the relationship between career future anxiety and the level of academic aspiration of the study sample. The population of this study is university students and the sample consists of (500) students of Soran University. In this study, the researcher relied on quantitative descriptive method and obtained the data through survey form. Regarding the variable of career future anxiety, the researcher prepared a scale for this purpose, regarding the variable of academic aspiration level, the researcher relied on the scale (Al-Jubouri, 2002). The results of that study show that career future anxiety levels are displayed at medium levels and academic aspiration levels are also at high levels. Moreover, the results of that study also show that a negative relationship is shown between career future anxiety and level of academic aspiration. Finally, the researcher makes some recommendations based on the results of this study.

**Keywords:** career future anxiety, level of academic aspiration, university students.